له بڵاو كراوەكانى ماڵپەڕى بەهەشت

# چۆن منداڵەكەت پەروەردە دەكەيت ؟
# يان
# چۆنيەتى پەروەردەكردنى منداڵان لەسەر ئادابە شەرعيەكان


دانانى :عبدالرحمان العايد

وەرگێڕانى بەدەست كارييەوە:

باوكى بڕوا


---


ماڵپەرى بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكى ئيسلامى زانستى پەروەردەيى يە و لەپێناو بڵاوكردنەوەى ئەو ئيسلامەيە كە سەلەفى صاڵح - پێغەمبەرى خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانى (رضي الله عنهم) لەسەرى بوون - وە سەر بە هيچ گروپ و لايەنێكى حيزبى نيە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم


١–بایەخی بابەتەکە

٣–مانای پەروەردە

٤–بنکە پەروەردەییەکان

٥–جەخت کردنەوە لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ

٦–چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵ

٧–بەچی دەگەینە پەروەردەیەکی تەندروست

٨–هەڵەکان لەپەروەردەکردنی منداڵ

٩–دیاردە نەخوازراوەکان لەپەروەردەکردنی منداڵ

١٠–هۆیەکانی لادانی منداڵ

## گرنگی و بایەخی بابەتەکە

پەروەردەکردن کارێکی زۆر سەختە پێویستی بەکاتە , بایەخەکەی تازە نیە , کردەوەیەکی زۆر

باشە وە گرنگی و بایەخەکەی لەم چەند خاڵانەی خوارەوە دەتوانین دەست نیشان بکەین :

١-شوێن کەوتنی پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) و هاوەڵەکانی و پیاوچاکانە لەپەروەردەکردنی منداڵان

٢-پێویستەبۆدۆخی ئێستای ئوممەت ئەگەر بڕوانینە دۆخی ئێستای ئوممەت ئەبینی بارودۆخێکی زۆر خراپە کەپێشتر بەدرێژای مێژوو هاوشێوەی نەبووە وە خەریکە بنەما ئیسلامیەکان لەناودەچن لەهەندێك وڵاتی ئیسلامیدا وەبەپەروەردە دەتوانین ئەم دۆخە چارەسەر بکەین

٣-بە پەروەردە دەتوانین منداڵ بپارێزین کەنەکەوێتە ژێر کاریگەری ئارەزووبازی و گومانەکان چونکە پەروەردە بوون لەسەر هەست کردن بەچاودێری خوای گەورە ئەوا منداڵ وا لێ دەکات کە سنوورە قەدەغەکراوەکانی نەبەزێنێت وە کاریگەر نەبێت بەدونیای ئارەزووەوە

کە لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا زۆر ڕازاوەتەوە کە ئارەزوو بازی یەخەی بە موسڵمانان گرتووە وە ناکەوێتە ژێر کاریگەری گومانەوە کەعەقلی داگیر بکات .

٤-پەروەردە گرنکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ناخۆشیەکانی دونیا کەمنداڵ لەداهاتوودا تووشیان دەبێت .

٥-پەروەردە منداڵ ڕادەهێنێ کە هەست بەئەرکی سەرشانی بکات بەرامبەر بەخودی خۆی و و کۆمەڵگەکەی .

٦-گرنکی پەروەردە زیاتر لەوەدا دەردەکەوێت کەهێرشێکی گەورە هەیە بۆ تێکدانی ڕەوشتی کۆمەڵگە لەلایەن دوژمنانی ئیسلامەوە بۆ بەربەست کردنی ئەم هێرشانە پێویستە منداڵآن لەسەر پەروەردەیەکی دروست ڕابهێنرێن تاوەکو بتوانن لەدژی ئەم شاڵاوە ڕابوەستن .

٧- پەورەردەکردنی ئەمنی (هزری -فکری ) منداڵ دەیپارێزێت لەزیادەڕەوی کردن وشوێن کەوتنی ڕێچکە جیاوازەکانی دژ بە ئیسلام لەنموونەی عەلمانیەت و هاوشێوەکانی .

٨–هەبوونی هەندێك دیاردەی نەخوازراو لەنێو ئوممەتدا کە کار دەکاتە سەر پرۆسەی پەروەردە وەکو هەبوونی ماددە هۆشبەرەکان و ئارەزووبازی و تێکەڵاوی و زیناکردن و دزی کردن و.....هتد .

١٠–پەروەردە هۆکارێکە بۆ گەیاندنی منداڵ بە پلەی نموونەی لەکردار و گوفتاریدا وەکو ئارامگرتن و خۆشەویستی و ڕێزگرتن و هاریکاری و ڕاستگۆیی و ...هتد .

## مانای پەروەردە

پەروەردە بریتی یە لە :پەروەردەکردنی موسڵمان و دارِشتنی کەسایەتیەکەی بەشێوەیەکی تەواو لەهەموو لایەنەکانیەوە بۆ هەردوو ژیانی دونیاو قیامەت لەژێر ڕووناکی ئیسلامدا

## لایەنەکانی پەروەردە

پەروەردە زۆر لەلایەن دەگرێتە خۆی وەکو پەروەردەی ئیمانی و پەروەردەی ڕەوشتی و پەروەدەی جەستەیی و پەروەردەی عەقلی و پەروەردەی دەروونی و پەروەردەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی جنسی ...هتد .

کەواتە دەبێت تێبگەین کە پەروەردە تەنها پەروەردەی جەستە ناگرێتەوە یان پەروەردەکردنی منداڵ لەسەر چەند ڕەوشت و ئادابێك و هیچی تر ,بەڵکو ماناکەی زۆر لەوە گەورەتر و گرنگترە.

**بنکە پەروەردەییەکان**

پەروەردە پەیوەست نیە بە ڕۆڵی دایك و باوکەوە بەتەنها بەڵکو لەپاڵ خێزاندا ئەمانەش دەگرێتەوە (قوتابخانە –مزگەوت – ڕێکخراوەکانی لاوان –کەناڵەکان .....هتد)

**جەخت کردنەوە لەسەرپەروەردەکردنی منداڵ**

ئایینی پیرۆزی ئیسلام زۆر جەخت دەکاتەوە لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ و پاراستنیان لە ئاگر وەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی:﴿ياأيها الذين آمنوا قوا أنفسكم وأهليكم نارا ﴾ واتە :ئەی ئەوانەی کەباوەڕتان هێناوە خۆتان وکەس وکارتانی بپارێزن لە ئاگر

وە **هەروەها** فەرموویەتی :﴿وأمر أهلك بالصلاة واصطبر عليها ﴾وە **هەروەها** فەرموویەتی:﴿يوصيكم الله في أولادكم ﴾واتە:ئەی موحەممەد –

صلى الله عليه وسلم –فەرمان بدە بە ئەندامانی خێزانەکەت بەنوێژکردن وخۆشت خۆڕاگرو بەردەوام بە لەسەر بەجێ هێنانی

وەهەروەها خوای گەورە لە مەدحی بەندەکانی دا فەرموویەتی :﴿ربنا هب لنا من أزواجنا وذرياتنا قرة أعين وجعلنا للمتقين اماما﴾واتە : وەکەسانێکن کە دەڵێن  ئەی پەروەردگارمان ببەخشە پێمان لەهاوسەران و نەوەکانمان (منداڵەکانمان ) ئەوەی چاوانی پێ گەش بێ هۆی دڵخۆشی بێت وەبمانکە بە پێشەوای پارێزکاران و لە خواترسان .

وەهەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ)فەرموویەتی : ﴿ الرجل راع في أهله ومسؤول عن رعيته ,والمرأة راعية في بيت زوجها ومسؤولة عن  رعيتها ﴾

واتە : پیاو بەرپرسە لەسەر خییزانەکەی و منداڵەکانی وەئافرەت بەرپرسە لەسەر ماڵی پیاوەکەی

وە هەروەها فەرموویەتی :(مروا أولادكم بالصلاة وهم أبناء سبع )

واتە :فەرمان بکە بەمنداڵەکانت کاتێك کە دەگەنە حەوتساڵان

وە پێشینە چاکەکانی ئەم ئەممەتە زۆر جەختیان کردووە لەسەر پەروەردەکردنی منداڵان وە تەنانەت مامۆستایان بۆ دابین دەکردن بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان وە چەندەها هەواڵی تر هەیە لەم بارانەوە وە بێگومان کاری پەروەردە کاریگەریەکی گەورەی هەیە لەپەروەردەکردنی منداڵ چونکە منداڵ لەسەر فیترەت لە دایك دەبێت پاشان ڕۆڵی پەروەردە دێتە پێش لە پاراستنی ئەم فیترەت و ناخە پاکەی منداڵ وەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :(کل مولود یولد علی الفطرة فابواه یهودانه أو ینصرانه أو یمجسانه )

واتە :هەموو منداڵێك کاتێك لە دایك دەبێت لە سەر سروشتێکی پاك لەدایك دەبێت ئەوکات باوك ودایکی دەیکەن بە جوولەکە یان گاور یان ئاگر پەرست .

منداڵ لەسەر ئەو ڕێگەیە کە باوکی لەسەری ڕایهێناوە

منداڵ ئەمانەتە لەلای باوك و دایکی پێویستە لەسەریان کە ئەم ئەمانەتە بپارێزین

**چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵ**

١–هەڵبژاردنی هاوسەری چاك : هەڵبژاردنی هاوسەری چاك هەنگاوی یەکەمینە بۆ پەرورەردەکردنی منداڵ بەشێوەیەکی دروست وەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) : ( اذا أتاكم من ترضون دينه وخلقه فزوجوه )

واتە :کاتێك کەسێك دێتە داخوازی ئەگەر بە دینی و ڕەوشتی ڕازی بوون ئەوا لێ بخوازن

وەهەروەها فەرموویەتی :(فاظفر بذات الدين تربت يداك )

واتە :

٢–پاڕانەوە لە خوای گەورە بە بەخشینی نەوەیەکی چاکە خواز : وەکو ووتنی (رب هب لي من الصالحين )

واتە : ئەی پەروەردگارم منداڵێکی چاکم پێ ببەخشە

٣–ووتنی ویردی چونە لای خێزان :وەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ):(لو أن أحدكم اذا أراد أن ياتي أهله قال ؛بسم الله اللهم جنبنا الشيطان وجنب الشيطان مارزقتنا فانه ان قضي بينهما ولد لم يضره الشيطان أبدا )

واتە: هەرکەسێك ئەم ویردە بخوێنێ ئەوا ئەگەر منداڵیان ببێت ئەوا شەیتان ناتوانێت زیانی پێ بگەیەنێت

٤–بەجێهێنانی سوننەتەکانی منداڵ بوون وەکو شیرین کردنی مەلاشوی وەتاشینی سەری وە هەڵبژاردی ناوێکی چاك وەکردنی گوێزەبانە وەسوننەت کردنی .

٥–پاڕانەوەی خێر بۆ نەوەکانی دوای بوونیان وە پێغەمبەران زۆر بایەخیان بەم خاڵە داوە وەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی لەسەر زمانی پێغەمبەر ابراهیم –علیه السلام–

﴿واجنبني وبني أن نعبد الأصنام﴾واتە :وەخۆم وکوڕەکانم بپارێزە ودوورخەرەوە لەوەی کە بتەکان بپەرستن .

وەهەروەها فەرموویەتی :﴿رب اجعلني مقيم الصلاة ومن ذريتي﴾واتە: ئەی پەروەردگارم من وڕۆڵەکانم والێبکەی بەچاکی نوێژەکان بەجێ بێنن.

وە هەروەها فەرموویەتی :﴿ربنا واجعلنا مسلمين لك ومن ذريتنا أمة مسلمة لك﴾

واتە : خوایە هەردووکمان بکە بەفەرمانبەری خۆت وەلەنەوەشمان گەلێك بکە بەفەرمان بەری خۆت

وە هەروەها فەرموویەتی:﴿رب هب لي من لدنك ذرية طيبة إنك سميع الدعاء﴾

واتە : ئەی پەروەردگارم پێم ببەخشە لەلایەنی خۆتەوە کوڕێکی سروشت پاك بەڕاستی تۆ بیسەری پاڕانەوەیت

٦–نەترساندنی منداڵ بەجنۆکە و تاریکی و دز بەتایبەتی لەکاتی گریاندا.

٧–تێکەڵاوبوونی لەگەڵ منداڵانی تر بەمەرجێك جێگەی متمانەبن .

٨–سەرزەنشت نەکردنی و بەکەم نەزانینی بەتایبەتی لەپێش چاوی براو خوشك و خزم ودۆستەکانی

٩–بانگ نەکردنی بەوشە نادروستەکان وەکو ئەی گێل یان نەفام یان ....هتد.

١٠–ئاگادارکردنەوەی لەهەڵەکانی بەلاّم بەشێوەی نەرم ونیان وەسزادانی ئەگەر یەکەمجاری بوو .

١١–مام ناوەندی بوون لەخۆشەویستی بۆ منداڵکەت لەگەڵ دوورکەوتنەوە لەنازدارکردنیکی بیٚ سنوور.

١٢–ڕاهێنانی منداڵ لەسەر دایك بوونی منداڵی تازە .

١٣–ڕێکەپێدانی منداڵی گەورە کە هاوکاری دایکی بکات بۆ ئامادەکردنی کەلوپەلی منداڵی تازە وە ڕێگەپێدانی بە یاری کردن لەگەڵ منداڵە تازەکەدا

١٤–جیٚ بەجیٚ کردنی دادپەروەری لەنێوان منداڵەکاندا .

١٥–ڕێگری کردن لەمندالاّن بەتایبەتی کچان لەپۆشینی پانتۆڵ لەدوای تەمەنی (٧)سالاّن.

١٦–جیاکردنەوەی خوشکان لە براکانیان لەجێگەی نووستن و دابین کردنی ژووری سەربەخۆ بۆ هەرلایەکیان ئەگەر توانا هەبوو .

١٧–فێرکردنیان بەداوای یارمەتی کردن کاتێك دێتە ژووری دایکیان و باوکیان بەتایبەتی ژووری نووستن .

١٨–ئەگەر منداڵ لای دایك و باوکی نووست نابێت ڕێگەیان پێ بدرێت لەکاتی سەر جێگەی(جماع)دا بەئاگابن با هەرچەندە منداڵەکەش بچوك بێت .

١٩–دەرنەکەوتنی دایك بەجل وبەرگی تەنك و تەسك لەپێش چاوی منداڵەکانی و ڕێگەنەدان بەکچەکانی

بە پۆشینی ئەم بەرگە نەشیاوە.

٢٠–ڕاهێنانی منداڵ لەچاو داپۆشین لەنەزەری قەدەغەکراو .

٢١–تێکەڵاونەبوونی برایان و خوشکەکانیان بەکۆمەڵ لەگەرماودا , یان تێکەڵاونەبوونیان لەگەڵ دایکیاندا .

٢٢–ڕاهێنانی منداڵ لەسەر داپۆشینی عەورەتی خۆی وەڕێگە نەدان بەبینی عەورەتی لەلایەن کەسانی ترەوە.

٢٣–ڕێگەنەدان بەکوڕان کە نەچنە لای ئافرەتانی نامەحرەم بەتایبەتی لەکاتی ئاهەنگدا .

٢٤–ڕێگەنەدان بەبینینی فلیمی نەشیاو یان وێنەی ڕووت یان گۆڤاری نادروست یان چیرۆکی خۆشەویستی .

**چاندنی بیروباوەڕ لەناخی منداڵدا بەم هەنگاوانەی لای خوارەوە :**

أ–فێرکردنی پایەکانی باوەڕو پایەکانی ئیسلام وە باوەڕبوون بەپەنهانیەکان وەکو سزا و پاداشتی ناو گۆڕ وە هەبوونی بەهەشت و دۆزەخ.

ب–هەست کردنی بەچاودێری خوای گەورە وەکو ئامۆژگاریەکەی لوقمان بۆ کوڕەکەی ﴿یابني إن تلك مثقال حبة من خردل فتكن في صخرة أو في السماوات أو في الأرض ياتي بها الله ﴾

واتە :(لوقمان ووتی) :ئەی کوڕە شیرینەکەم بەڕاستی ئەو (چاکەوتاوانە )ئەگەر کێشی تۆوە خەرتەلێکیش بێت لەناو بەردێکدا یان لەناو ئاسمانەکان یان لەزەوی دا بێت خودا (لەقیامەت دا) دەیهێنێ بەڕاستی خوا ووردبین وئاگادارە

ج–سەرنج ڕاکێشانی بۆ دەسەلآت و توانای خوای گەورە بۆنموونە ئەگەر لەسەر دەریا بووی پیٚ بلێیت : کیٚ ئەم دەریایەی دروست کردووە ؟ کیٚ ئەم شاخە گەورانەی دروست کردووە ؟ کیٚ ئەم ئاژەلآنەی دروست کردووە ؟

ء–چاندنی خۆشەویستی و ترسی خوای گەورە ئەمەش بەناساندنی بەنیعمەتەکانی خوای گەورە وە بەخۆپاراستن لەسزای خوای گەورە .

ه–ڕاهێنانی لەسەر کردەوەی چاك وەکو فێرکردنی نوێژ و خوێندنەوەی قورئان و ویردەکان .....هتد

و–خوێندنی هەندێك لەئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکان وەڕاڤەکردنی بەشێوەیەکی کورت .

ز–تۆمارکردنی ناوەکەی لە کۆڕێك لەکۆڕەکانی لەبەرکردنی قورئان و بەدواداچوونی .

ح–هاوڕێیەتی کردنی بۆ سەردانی گۆڕستان و نەخۆشخانە بۆ پەند وەرگرتن .

٢٦–چاندنی ڕەوشتی جوان لەناخیدا :

أ–پەروەردەکردنی لەسەر ڕاستگۆیی و دەست پاکی و بەردەوامی و هاریکاری کردنی نەداران و هەژاران وکەم دەرامەتەکان و ڕێزگرتن لەمیوان .....هتد .

ب–پەروەردەکردنی لە دوورکەوتنەوە لەکردەوەی نەشیاو و نادروست وەکو درۆ و جنێودان و وشەی نەشیاو .

ج–خوێندنەوەی هەندێك فەرموودە کە پاڵنەری مرۆڤن بۆ ئەنجامدانی کردەوەی باش و چاك .

٢٧–پەروەردەکردنی لەسەر ڕێزگرتن لەمافی خەڵکانی تر :

پەروەردەکردنی لەسەر پاراستنی مافی دایك و باوك وەکو ڕۆیشتن بەدەمیانەوە وەبەناوی خۆیانەوە بانگیان نەکات وەلەپێش ئەواندا دانەنیشێت لەکۆڕ و مەجلیسدا .

وەبەئامۆژگاری ئەوان دڵتەنگ نەبێت , وە سەرپێچی فەرمانەکانیان نەکات وە لەپێش ئەوان نان نەخوات وە دوعای خێریان بۆ بکات .

وەلەپێشیاندا دەنگ بەرز نەکاتەوە ,وەلەکاتی قسەکردندا قسەیان پێ نەبڕێت ,وەدەرنەچێت لەماڵ مەگەر بەیارمەتی ئەوان نەبێت ,وەئازاریان نەدات بەتایبەتی لەکاتی نووستندا ,وەقاچەکانی درێژ نەکاتەوە لەبەردەمیاندا ,وەبەدەم داواکارییەکانیانەوە بڕوات بەپەلە .

تێبینیەك :ئەی دایکان و باوکانی خۆشەویست سەرنجتان بۆ خاڵێکی گرنك ڕادەکێشم ئەویش پەیوەست نەکردنی ڕێزوخۆشەویستی خۆتە بۆ منداڵەکەت بە بەخشین ودیاری بەڵکو پەیوەستی بکە بەهەبوونی مافی دایك وباوك لەبەرنامەی خوادا

بۆ نموونە :هەندێك لە دایکان داوا لەمنداڵەکەی دەکات کە ڕێز لەباوکی بگرێت و پێ دەڵێت :باوکت ئەمەی بۆ کڕیویت دەی ڕێزی لێ بگرە ,وەهەروەها پەروەردەکردنی منداڵ لەسەر گەیاندنی ڕەحمی خزمان ودۆستان وەڕێزگرتن لەمافی گەورە ......هتد .

٢٨–پەروەردەکردنی منداڵ لەسەر ئادابە کۆمەڵایەتیەکان وەکو ئادابی نان خواردن وئادابی سەلام کردن وئادابی داواکردن وئادابی

کۆڕوکۆبوونەوە ,ئادابی قسەکردن وچەندەها ئادابی تر کە دەتوانێت منداڵەکەت لەسەر ئادابە شەرعیەکان لەکتێبی تایبەتدا فێربکەیت .

٢٩–پەرەردەکردنی منداڵ لەسەر فەرمان بەچاکە و نەهی لەخراپە ئەمەش بەزاڵ بوون دەبێت بەسەر شەرم وترس .

٣٠–هەلبژاردنی قوتابخانەیەکی دروست وهاوڕێ چاك کەببێتە هاریکاری لەپەروەردەکردنی منداڵ .

٣١– پەروەردەکردنی منداڵ لەسەر باوەڕبوون بەخودی خۆی وڕاهێنانی لەسەر ئازایەتی وبلیمەتی ولێهاتووی ,وەپێدانی ئازادی لەکردارو ڕەفتار وەهەست کردن بەبەرپرسیارێتی وە تاقیکردنەوەی کارەکان بەپێ ی تێگەیشتنی خۆی وەڕێزگرتن لەڕای وڕاپرسیەکانی ,وەڕاهێنانی لەسەر ئەوەی کەمەرج نیە هەموو جارێك ڕاپرسیەکانی وەربگیرێت

٣٢–پەروەردەکردنی لەسەر قوربانی دان لەپێناو ئاینی ئیسلام وخاك وگەل ,وەچاوەڕێ کردنی پاداشت لای خوای گەورە .

٣٣–پەروەردەکردنی لەسەر زاڵ بوونی بەسەر دەروونی لەکاتی توڕەبوون دا وەدوورکەوتنەوە لەهۆکارەکانی توڕەبوون بۆ ئەوەی توڕەبوون نەبێتە دیاردە لەناخیدا .

٣٤–هەست کردن بەتواناکانی منداڵ ,هەندێك لەمندالآن ڕەنگە لەبواری خوێندن سەرکەوتوو نەبێت ئەوا دەتوانی ڕیگەیەکی تری سەرکەوتنی نیشان بدەی هەندێك لەباوکان بەداخەوە سەرکەوتنی منداڵەکانیان پەیوەست دەکەن بەسەرکەوتنیان لەپرۆسەی خوێندن دا ,(لەخوێندن سەرکەوتوونەبن ئەوا لەژیانیش سەرکەوتونابن ) ئەم هاوکێشەیە هەڵەیە چونکە ڕەنگە منداڵەکەت لە خوێندن سەرکەوتوونەبێت بەڵام لەبوارێکی تری ژیاندا سەرکەوتوو بێت .

٣٥–دوورخستنەوەی منداڵەکەت لە ڕۆچوون ولاوازی ......

٣٦–ڕاهێنانی لەسەر زبری وناڕەحەتیەکان وڕۆنەچوون لە نازو نیعمەتەکان .

٣٧–پاراستنی منداڵەکەت لەلاسایی کردنەوە .

٣٨–ڕێگری کردنی لەبیستنی مۆسیقاو گۆرانی .

٣٩– پڕكردنەوەی كاتە بەتاڵەكانی بەكاری دروست .

٤٠–هەڵبژاردنی هاوڕێ چاك ودروست بۆی .

٤١–فێركردنی ژیاننامەی پێغەمبەر (ﷺ)وژیاننامەی پیاوچاكان وشوێن كەوتنیان .

٤٢–فێركردنی زانستە شەرعیەكان وشیعرو ئادابە جوانەكان .

٤٣–فێركردنی حوكمەكانی بالغ بوون :منداڵەكەت فێری چۆنیەتی غوسڵ كردن بكە لەلەش گرانی,وەدایكەكەش كچەكەی فێری حوكمەكانی (حەیز) بكات چونكە زۆرێك لەكچان شارەزای ئەم حوكمانە نین بۆیە ڕەنگە نوێژەكەی یان ڕۆژووەكەی یان حەجەكەی بەدروستی ئەنجام نەدات .

٤٤–فێركردنی منداڵەكەت وشارەزاكردنی لەنەخشەو پیلانی دوژمنان .

٤٥–باس كردنی شارستانیەتی ئیسلامی وپیاهەڵدانی ,وەچاندنی ڕوحیەتی ئیسلامی لەناخیدا .

٤٦–هێمنی ولەسەر خۆیی لەكاری پەروەردەدا .

٤٧–دروست کردنی تێڕوانینی دروست لای منداڵ ,هەندێك بیرۆکە هەیە پێویستە منداڵ بەشێوەیەکی ڕاست ودروست تێ بگات چونکە تێگەشتنی هەڵە باروڕەفتاری خراپ دروست دەکات .

هەندێك جۆری پەرستش هەن کەسوودەکەیان تەنها بۆ خاوەنەکەیەتی بەپێچەوانەوە مانای پەرستش زۆر لەمە گەورەتر و بەرفراوانترە بۆ نموونە یەکێك لەوپەرستشانە فەرمان بەچاکە ونەهی کردنە لەخراپە کەهەندێك لەباوکان ئەگەر منداڵەکەی هەستێ بەفەرمان بەچاکە ونەهی کردن لەخراپە ئەوا پێ دەڵێت :تەنها خەریکی خۆت بە کارت چیە بەخەڵکەوە .

٤٨–دروست کردنی بیروباوەڕێکی تەندروست لەناخی منداڵەکەتدا بۆ نموونە باوەڕبوون (خۆداپۆشین) لای کچان کە ئەرکێکی ئایینیە نەك چاولێکەری ,تێگەشتن لەمانای پەرستش کاردەکاتە سەر خودی منداڵەکەت کە ئەنجامدانی پاداشتی لەسەرە بۆیە سارد نابێتەوە لەئەنجامدانیان بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەم پەرستشانە بە عادەتیان بزانێت ڕەنگە زۆر بەزووی ساردبێتەوە ولەڕێگە ڕاستەکەش دوور بکەوێتەوە

٤٩–هاندانی تازە پێگەشتوان (بالغ بووان )بەپێ توانا بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری ئەگەر لەتوانایدا هەبوو ئەگەر نا بابەڕۆژووبێت .

٥٠–دوورخستنەوەی منداڵان لەورووژێنەرە سێسکسیەکان .

٥١–بەهێزکردنی پەیوەندی هاورپیەتی لەنێوان باوکان ومنداڵان تاوەکو پەیمانت دەداتێ کە تۆ گەورەترین هاورێ ئەوی سەرەڕای ئەوەی کەباوکی ,دیارە ئەمەش بەقسەی خۆش وهەڵسوکەوتی جوان ویاری کردن وهەست کردن بەناڕەحیەتەکانی دێتە بەرهەم .

٥٢–والأنەکردنی پارەو سامانی دونیا بەڕوویدا بەشێوەیەك کە ئارەزووی هەرشتێکی قەدەغەکراو بکات ئەنجامی بدات .

٥٣–لێنەخوڕینی ئوتومبێل لەتەمەنی هەرزەکاریدا بەبێ بەرنامە

٥٤–وریابوون لەچۆنیەتی ڕەفتارەکانت بەرامبەر بەمنداڵەکانت ,پەیمانێك مەدە کەنەتوانی جێ بەجێ بکەی چونکە کەسایەتیت لەپێش چاویدا لاواز دەبێت

٥٥–دانیشتن لەگەڵیاندا وەگۆی بگرە بۆ داواکاریەکانیان وباخیان پێ بدە .

٥٦– لەکاتی هەڵەدا سزایان بدە .

٥٧–هاوکاریان بکە بۆ هاریکاریت .

٥٨–مەترسی لەداهاتوو لەناخیاندا مەچەسپێنە ,بەتایبەتی بەدەست هێنانی (ڕۆزی)بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئامۆژگاری ورێنمووی بکە .

**پەروەردەیەکی دروست بەچی تەواو دەبێت ؟**

بۆ دروست کردن وتەواوبوونی پەروەردەیەکی دروست پێویستە ئەم خالأنەی خوارەوە پەیڕەو بکەین:

١–هەبوونی پێشەنگێکی چاك :هەبوونی پێشەنگی چاك بەهێزترین هۆکارە بۆپەروەردەیەکی دروست,

چونکە منداڵ دەڕوانێتە پەروەردەکەرەکەی کە چۆن ڕەفتارو هەڵس وکەوت دەکات وەزیاتر سوود لەکردەوە وەردەگرێت نەك گوفتار .

بۆنموونە :ئەگەر کاتی بانگ هات ئەوا ووشەکانی دووبارە بکەرەوە بۆئەوەی فێرببێت وەلەگەڵ خۆت بیان بە بۆ مزگەوت .

یان بەهیچ شێوەیەك لەپێش چاویدا درۆ مەکە چونکە فێردەبێت ، کەواتە پێشەنگ ڕەنگە باوك ودایك بێت یان مامۆستاکەی بێت یان هاوڕێکانی بێت, کە ئەگەر ئەمانە نموونەی جوان بن ئەوا بێ گومان کاریگەری باشی دەبێت لەسەر منداڵەکەت.

بەڵام بەپێچەوانەوە ئەوا کاریگەری زۆر خراپی دەبێت لەسەر کەسایەتی منداڵەکەت ,وەهەندێك جار منداڵی یەکەم دەبێتە پێشەنگ بۆ ئەوەکانی تر بۆیە پێویستە بەجوانی پەروەردەبکرێت .

٢–چاودێری وتێبینی کردن: پێویستە باوکان منداڵەکانیان فەرامۆش نەکەن بەڵکو پێویستە چاودێریان بکەن بەبێ ئەوەی منداڵەکەت هەستی پێ بکات ئیتر ئەو منداڵە کچ بێت یان کوڕ, چاودێری چوون و گەڕاندنەوەیان بکە بۆ قوتابخانە وەچاودێری ڕەوشی خوێندنی بکە وەتێبینی تاقی کردنەوەکانیان بکە بەڵام بەبێ ئازاردانی .

٣–ئاگادارکردنەوە(ووریاکردنەوە):ئاگادارکردنەوەی لەتاوان و سەرپێچی بەهەموو شێوەکانیەوە وەئاگادارکردنەوەی لەخودی شەڕو خەڵکەکانی وەهۆیەکانی شەڕو خراپە وەئامرازەکانی خراپ بۆ نموونە:

ئەگەر ژمارەیەکی نەناسراو هات بۆ مۆبایلەکەی دەتوانێت وەلامی بداتەوە بەلام بەکورتی .

٤– فێرکردن :فێرکردنی سورەتێك لە قورئان وەهەندێك فەرموودە و ویردو پاڕانەوە وەچۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ میوان ....................هتد .

٥–ڕاهێنان:ڕاهێنانی لەسەر کاری خێر ،وەکو ڕاهێنانی لەسەر نوێژکردن ،وەڕاهێنانی لەسەر ڕۆژووی دووشەممە وپێنج شەممە ،وەڕاهێنانی لەسەر شەو نوێژ ,وەڕاهێنانی لەسەر قورئان خوێندن .

٦–هاندان وترساندن :وەکو هاندانی بەهەندێك ووشەی جوان وبەخشینی دیاری وەهەندێك جار ترساندنی لەکاتی ئەنجامدانی ڕەفتاری نەشیاو .

٧–ئامۆژگاری :ئامۆگاری کردنی بەشێوەیەکی دروست وەکو هەست جولاندنی منداڵەکەت بەهەندێك ووشەی جوان وەکو (ئەی ڕۆڵەی شیرینم

,ئەی كەسەكەم )،یان بەگێڕانەوەی چیرۆكی كورت كە پڕبێت لەپەندو ئامۆژگاری ,یان فێركردنی لەسەر شێوەی پرسیارو وەلاَم ، وەكو ووتنی كێ خواتە ؟كێ پێغەمبەرتە؟چی دینتە ؟,یان قۆستنەوەی ڕووداوەكان بۆ ئامۆژگاری كردنی , بۆ نموونە:ئەگەر منداڵەكەت لەتاقیكردنەوە سەركەوت ودڵی خۆش بوو ئەوا پێ بڵێ كە ئەگەر لەقیامەت سەركەوتوو بیت ئەوا زیاتر دڵت خۆش دەبێت ,وەئامۆژگاریەكانت باكورت بێت نەوەكو هەست بەناڕەحەتی بكات .

٨-خوێندنەوە :خوێندنەوەی كتێبی بەسوود لە نێو خێزاندا زۆر بەسوودە چی ئەو خوێندنەوەیە تاكەكەسی بێت یان بەكۆمەڵ وەكو خوێندنەوەی ژیاننامەی پێغەمبەر (ﷺ)یان كورتە چیرۆك یان .......هتد .

٩-چاندنی چاودێری خودا لەناخی منداڵەكەت :بامنداڵەكەت هەست بكات كە خوایەك چاودێرە بەسەریەوە لەهەموو كات وساتێك دا بەمەش منداڵەكەت ڕەفتاری جوان دەبێت ودووردەكەوێتەوە لەڕەفتاری نەشیاو نادروست .

١٠–سزادان :هەندێك جار پێویستە كە پەروەردەكەر (مربی)پەنای بۆ ببات دوای ئامۆژگاری و ڕێنمووی وسەرزەنشت كردن و سزادانە بەلاَم لەسزای سووكەوە بۆ قورس ,وەپێویستە كەمنداڵ هەموو جار بەسزا مامەڵەی لەگەڵدا نەكرێت ,وەبەیەكەم هەڵەش سزا نەدرێت وەدەبێت سزاكانیش هەموویان چوون یەك نەبن بەڵكو بەپێی هەڵەكە سزا بدرێت ,سزای بچوك بۆ هەڵەی بچوك وسزای گەورە بۆ هەڵەی گەورە ,وەپێویستە سزاكە دووربێت لەلێدانی ڕووخسار ,وەپێویستە دایكان وباوكان كەس ڕانەسپێرن بۆ سزادانی منداڵەكانیان وەكو براكەی یان خوشكەكەیان چونكە دەبێتە هەوێنی ڕق وكینە لە نێوانیاندا ,وەئەگەر ڕەفتاری جوانی نواند پێویستە پاداشتی بدەیتەوە .

١١–ناسینی هەست وناخی تازە پێگەیشتوان وەچۆنیەتی هەڵسوكەوت لەگەڵیاندا .

### هەڵەكانی پرۆسەی پەروەردەكردنی منداڵ

١–دەرپەڕاندنی منداڵ لە ماڵ :هەندێك لەباوكان بۆ دەربازبوون لەمنداڵەكانیان لەماڵ دەریان دەكەن كاتێك سەرپێچی دەكەن

وەهەڕەشەی لێ دەکات کەلەماڵ نزیك نەبنەوە وەپێ دەڵێت :لەبەرئەوەی سەرپێچیم دەکەی پێویستە لەماڵ دەربچی , وەلەبەرئەوەی سەرپێچی خودا دەکەی من باوکت ناکەم برۆ لەگەڵ ئەو کەسانەبە کەخۆت پێت خۆشە

ئایا ئەم مامەڵەیە دروستە ؟

ئەی باوکی خۆشەویست :پێویستە بەراورد بکەیت لەنێوان مانەوەی منداڵەکەت لەماڵدا یان دەرپەڕاندنی کەکامیان بەسوودە, چونکە مانەوەی منداڵەکەت لەماڵدا یارمەتیت دەدات کەبەردەوام ئامۆژگاری بکەی وەبەدەرکردنی کێ دەتوانێ دالدەی بدات ؟دیارە ئەوەی کەدالدەی دەدات وهاریکاری دەکات هاورێ خراپەکانێتی ئایا ئەو هاوڕیانە ئامۆژگاری وسەرزەنشتی دەکەن کاتێك کە سەرپێچی دەکات ؟

ئەگەر ئەم هاوڕیانە پاڵپشت نەبن و ئامۆژگاری کەر نەبن ئەوا زیاتر دەبنە هۆکاری تاوانکاری ولادان, وەڕەنگە منداڵەکەت فێری جگەرە کێشان و خواردنی ماددە هۆشبەرەکان بکات, وەفێری دەکەن کە چۆن رێگەی قاچاغ فێربیت وەفێرببیت چۆن دزی بکات

ئەی باوکی خۆشەویست :ئەم چەرخ وسەردەمە وەکو سەردەمەکانی تر نیە چونکە منداڵ ئەگەر جاران لەماڵ دەربکرایە ئەوا لەسنووری گوندەکە دەرنەدەچوو ,هەر لەگوندەکەی خۆیان دەمایەوە لەبەرکەمی هۆیەکانی گواستنەوە,بەڵام ئێستا بەپێچەوانەوە ئەگەر ویستی بێت دەتوانێت لە سنووری وڵاتەکەش دەربچێت .

٢–دەستێوەردانی کەسانی تر لەپەروەردەکردنی منداڵ:وەکو ڕێگەدان بەباپیرە یان پوور یان مامە لەپەروەردەکردنی منداڵەکە ,بەڵی باپیرە یا ن مامە یان .......پلەو ڕێزی خۆیان هەیە وەپێویستە منداڵ لەسەر ئەوە پەروەردە بکرێت کە ڕێز لەباپیرەیان بگرن بەڵام بەشداری کردنی باپیرە لە پەروەردەکردنی منداڵ سەرەئەنجامێکی باشی نابێت چونکە ڕەنگە باپیرەی منداڵەکە خاوەن بیرۆکەیەك بێت کەنەگونجێت لەگەڵ سەردەمی تازەدا .

٣–گەشت کردنی زۆر و دوورکەوتنەوە لەمنداڵەکانت بەتایبەتی (تازە پێگەشتووان )

هەندیك جار باوکان بۆ ماوەیەکی زۆر منداڵەکانیان بەجێ دەهێڵن بە هۆکاری تایبەتی خۆیانەوە وەڕەنگە کاری پەروەردەکردنە بسپێرێت بە کوڕێکی گەورەی یان هەرکەسێکی تر کەئەمەش زیانی لەسوودی زیاترە ,بۆیە هەندێك جار تاوەکو دەگەڕێتەوە ڕەنگە منداڵەکانی ئاشنای هاوڕێ خراپ ببن

٤–ڕێگەنەدان بەمنداڵ بۆ بەشداری کردنی خۆشی وشادی :هەندێك لەباوکان ئارەزوو دەکەن کە بەردەوام منداڵەکانیان لەگەڵیاندا بن لەماڵدا لەنێو ئۆتومبێلدا وەڕەنگە هەندێك جار لەگەڵ خۆی بیبات بۆ لای هاوڕێ بەتەمەنەکانی خۆی ,وەمنداڵ ئارەزووی هاوڕێیەتی هاوتەمەنی خۆی دەکات ئەمەش تانە نیە بەلاَم پێویستە هاوڕێ بۆ منداڵکەت هەڵبژێریت .

٥–ناردنی منداڵ بۆ دەرەوەی وڵات بەبیانووی خوێندن :

ئەگەر نەوەکانت خێزانیان نەبوو ئەوا ناردنیان بۆ دەرەوەی وڵات بۆ پرۆسەی خوێندن کارێکی هەڵەیە چونکە ئەم منداڵەی تۆ لەژینگەیەك پەروەردە بووە کەسنوورە قەدەغەکراوەکان تیایدا بە ئاشکرا نابەزێنرێت بەلاَم کاتێك دەچێتە دەرەوەی وڵات ژینگەیەکی تر دەبینێت کە سنور بۆ

کارە قەدەغەکراوەکان نیە ئەوکات یان دەبێت ئەوکارە خراپانە ئەنجام بدات یان لەناخیدا پەنگ بخواتەوە کەکاریگەری خراپی دەبێت لەسەر دەروونی

٦–بەکەم زانینی بیرۆ بۆچونی منداڵ وبایەخ پێ نەدانی :

ڕەنگە هەندێك جار باوکان ودایکان بەمنداڵەکانیان بڵێن :چی یە ؟تۆش قسەت هەیە ؟باشە خەریکە فێری قسە دەبیت .

باوك و دایکی بەڕێز :ڕاستە قسەی تۆ لەسەر سەرە , بەلاَم منداڵەکەشت ڕابهێنە کە ڕاو بۆچوونی خۆی دەرببڕێت بەلاَم بەڕێزەوە, خۆ مەرج نیە ڕای منداڵەکەت ڕاست ودروست بەلاَم بایەخ پێدانی زیاتر هەست بەکەسایەتی خۆی دەکات .

٧–بێ دەنگ کردنی منداڵ لە کۆڕی پیاواندا :

ئەم بێدەنگ کردنە هەندێك جار سوودمەندە ئەگەر منداڵەکە زۆر بچوك بێت ونەزانێت قسەبکات لەبەردەم پیاوانی گەورەدا یان قسە ببڕێت بەبەرامبەرەکەی ,بەلاَم ئەگەر هاتوو منداڵەکەت زانی قسەبکات وتوانای هەبوو پێویستە ڕێگەی لێ نەگیرێت

٨–وەڵامدانەوەی تەلەفۆن لەلایەن منداڵەکەتەوە ئەگەر زەنگ هات .

٩–بەکەم زانینی (سوك) کردنی دایکی لەبەردەم منداڵەکەیدا :

چونکە لەم کاتەدا دایکی بەلاوازی دەبینیٚ وهەست دەکات ستەم لێکراوە ,یان ئەوەتا ئەم سیفەتە نەشیاوە دەگوازرێتەوە بۆ ناخی ئەویش بەهەمان شێوە ڕێز لەدایکی ناگرێت دواجار کەس هاریکار نابێت بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکەت .

١٠– تانەدان لەخالۆکانی یان مامەکانی :

تانەدان لەلایەن خزمان ودۆستانەوە لەخالۆکانی یان مامەکانی وەکو پیٚ بووترێت :تۆش ناپیاوی وەکو خالۆت یان مامەت یان تۆش شێوەت ناشیرینە هەر لەخالۆت یان مامەت دەکەیت .

١١–ڕێزنەگرتن لەهاوڕێکانی :

هەندێك جار باوکان ودایکان ڕێزی شیاو ناگرن لەهاوڕیٚ منداڵەکانیان بۆنموونە :ئەگەر یەکێك لەهاوڕێکانی زەنگ لێبدات ڕەنگە بلّێت کوڕەکەم لەمال نیە لەگەڵ ئەمەشدا کوڕەکەی خۆی ئەم ووتەیە دەبیستیٚ فێری

درۆیش دەبێت ,ئەگەر ئەم هاوڕێیانە خراپ بن بەڵێ زۆر باشە بادوربکەونەوە بەلاَم بەشێوازێکی جوان ووتوێژی لەگەڵدا بکە باقایل بێت ..........پێ بڵێ : کوڕی شیرینم .........      کچی بەڕێزم

ئەم هاوڕێیانەت شیاوی هاوڕێیەتی نین لەبەر ئەم سیفەتانە .......هتد چونکە هەموو هاوڕێیەك دۆست نیە

١٢–بەکارهێنانی لێدان لەگەڵ یەکەمین هەڵەو تاوان بەبێ ئامۆژگاری وڕینمووی کردنی .

١٣– یەك شێوازی لێدان بۆ هەموو هەڵەکان :پێویستە هەر هەڵەیەك شێوازێك لێدانی بۆ دابنرێت  چونکە هەڵەکان جیاوازن پێویستە سزاکنیش جیاواز بن .

١٤–قسەنەکردن لەگەڵیدا پاش گەڕانەوەی  لەهەڵەکەی  وپەشیمان بوونەوە .

١٥–ئاگادارنەکردنەوەی بۆ نوێژی بەیانی بەبیانووی ئەوەی کەمنداڵە .

١٦–جیاوازی لەنێوان منداڵان :

ئەمەش بەبەراوردی خراپ لەنێوانیاندا وەکو وەسف کردنی یەکێکیان بەلێهاتووی ئەوی تریان بەگەمژەیی یان بایەخدان بەهەندێکیان وپشت گوێ خستنی هەندێکی تریان وەکو گاڵتەکردن وماچ کردن و لەباوەش گرتن ولێبوردن بەرامبەربەهەندێکیان یان سزادان وتوڕەبوون دەنگ بەرزکردنەوە بەسەر هەندێکی تریاندا .

١٧–درۆکردن لەگەڵ منداڵ بەبیانووی بێ دەنگ کردنی :

زۆر جار دایکان بۆ ئەوەی منداڵەکانیان لەگریان بپارێزن پەنا دەبەنە بەر درۆ کردن یان بۆ ئەوەی کارێك ئەنجام بدات پەنا دەباتە بەر بەڵێنی درۆ وەکو بەڵێن پێ دانی بۆ سەردانی باخچە یان کڕینی دیاری ,بەڵام سەرەنجام ئەم بەڵێنانە هیچی ناباتە سەر بەمەش منداڵەکەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ فێری درۆ دەبێت

١٨–پارێزگاری کردن لەمنداڵ :

وەکو پارێزگاری کردنی دایك لەمنداڵەکەی کاتێك باوکی لەسەر هەڵەیەك سەرزەنشتی دەکات ئەمیش لەوەڵامدا دەڵێت :ئەم لەزۆر منداڵی تر باشترە ,ئەم ووتانە بۆمنداڵەکەت باش نیە

١٩–مەدح کردنی منداڵ بەشێوەیەکی ڕەها :ئەم پیاهەڵدانە بەشێوەیەکی ڕەها منداڵ تووشی سزادەکات .

٢٠–گومان بردنی خراپ بەمنداڵ :

زیادەڕەوی گومانی خراپ بەمنداڵ کاری تاوانکاری لەلای ئاسان دەکات .

## دیاردە نەخوازراوەکان لەپەروەردکردنی منداڵ

ئەم دیاردانە نەخوازراون لەڕووی شەرعەوە یان لەڕووی سروشتەوە ئەم دیاردانەش ئەمانەن:

١–ترساندن ولاوازی :بەشێوەیەك کە ئەو منداڵە کەسێکی ترسنۆك ولاوازدەبێت ناتوانێت بەتەنها بڕواتە هەندێك شوێن یان لەکاتی نوستندا دەبێت ڕووناکی هەبێت

٢–هەست کردن بەکەم وکوڕی :بەهۆی زۆر سەرزەنشت کردنیەوە یان بەهۆی نەبوونی بەرپرسیاریەتیك لەئەستۆیدا وڕاهێنانی لەسەر متمانە بەخۆبوون

٣–تەریق کردنەوە :منداڵ ئەوەندە تەریق دەبێتەوە کەناتوانێت ووتەکانی دەرببڕێت وەناتوانێت لەگەڵ خەڵکیدا تێکەڵاوی بکات,تەریق بوونەوە جیاوازە لەشەرم کردن شەرم کردن کارێکی دروستە بەڵام تەریق بوونەوە یان تەریق کردنەوە شکاندنەوەی منداڵەکەیە کەهەست بەلاوازی دەکات .

٤–زوو توڕەبوون :منداڵ توڕە دەبێت لەبەر هەر هۆکارێك ,ئەوەی کە پێویستە ئەنجام بدرێت دوورخستنەوەی منداڵە لەتوڕەبوون لەسەرەتای ژیانەوە .

٥–ڕێزنەگرتن لەعادەت وباوەکان :ئەو باوانەی کە دژ بەشەرع نین جوانترە ڕێزیان لێ بگرێت کاتێك منداڵێك ئەنجامی دەدات .

٦–ئیرەی بردن (حەسوودی) بەبراو خوشکەکانی :منداڵ سروشتی وەهایە کاتێك برایەکی یان خوشکێکی تازەی دەبێت ئیرەی پێ دەبات پێویستە ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی حەکیمانە پێش وەخت چارەسەری بکەین

٧-شلی نواندن :ئەم دیاردەیە یەکێکە لەدیاردە خراپەکان کە دەرئەنجامی خراپ بەدوای خۆیدا دەهێنێت کاتێك منداڵ لەلایەن باوك ودایکیەوە هەرچیەکی بیەوێت یەکسەر بۆ جێبەجێ دەکەن کاتێك ئەو منداڵە (مدلل) دەبێت توانای ئارام گرتنی نابێت لەبەرامبەر بچوکترین هەڵویستەدا زوو هەڵدەچێت کەڕەنگە تورە بێت یان بگری .

٨- گوێڕایەڵی نەکردنی دایك وباوك :ئەم دیادرەیەش زۆر بەربلاْوە لەم سەردەمەدا ,جێ بەجێ نەکردنی داخوازیەکانی دایك وباوك وڕێز لێ نەگرتنیان بۆتە کارێکی زۆر سادەو ساکار لای هەندێك لەمنداڵان ولاوان تەنانەت هەندێکیان شانازی پێوە دەکات ,دەبینی دایکەکە یان باوکەکە لەساتە وەختێکدا زۆر کاریان بەمنداڵەکەیە بەڵاْم هیچ کات ئامادە نیە بەدەم داواکەیانەوە بڕوات .

٩-داوێن پیسی :ئیتر بەهۆی زیناکردنەوە بێت یان بەهۆی نێربازیەوە یان بەهۆی ....هتد ، کە بەهۆی هەندێك دیاردەی نەخوازراوی وەکو وێنەی ڕووت وڤیدیوی سێکسی و....هتد ، کەمێرد منداڵان تووشی وورووژاندن دەکات .

١٠–درۆکردن :هەندێك لەمندالأن فێرى درۆ دەبن کەهۆکارەکەى دايك وباوکە چونکە ئەوان دەبنە پێشەنگ واتە لەپێش چاويدا درۆ دەکەن يان منداڵەکە سزادەدەن لەبەر کردارێك کەناچار پەنا بباتە بەر درۆ بۆ خۆ دەرباز کردن .

١١–جنێودان :هەندێك لەباوکەکان راستەوخۆ منداڵەکەى فێرى جنيۆ دەکات هەر لەمنداڵيەوە بەمنداڵکەى دەڵێت : جنێو بەفلأنەکەس بلێ بۆ ئەوەى خەڵك پێ بکەنێنێ, يان ئەوەتا بەشێوەيەکى ناڕاستەخۆ لەزمانى دايك وباوکيەوە فێر دەبێت کە لەکاتى ناکۆکى نێوانياندا يەکترى جنێو باران دەکەن .

١٢–دزى کردن :پێويستە دايکان وباوکان ئەگەر کەرەستەيەکى نامۆيان بينى لەلاى منداڵەکانيان يەکسەر

لێ پرسينەوە بکەن بەلأم بەشێوەيەکى جوان کە ئەمە سەرچاوەکەى کۆييە .

١٣–جگەرە کێشان :دياردەيەکى زيان بەخشە لەڕووى سامان وجەستەو دەروونەوە منداڵەکەت وون دەبێت لەگێژاوى نەفاميدا لەبەر پشت گوێ

خستنی باوکان ودایکان ,یان لەبەر هاوڕیەتی کەسانی خراپ ,وەلەمەیان مەترسیدار تر ڕۆچوونە لەنێو ماددە هۆشبەرەکان .

١٤–شەونخونی بەشەوان : لەبەر شەونخوونی بەشەوان دەبینی زۆرێك لەمندالآن زۆربەی کاتەکانی ڕۆژ نووستووە بەتاییەتی لەکاتی پشوودا .

١٥– خۆشەویستی گەڕان وسووڕانەوە لەبازاردا بەپیادە یان بەئۆتۆمبێل بەبیَ هۆ

## هۆکارەکانی لادانی مندالآن

**١–فەرامۆش کردنی پەروەردەی منداڵ یان کەم وکورتی لەپرۆسەی پەروەردەکردندا: .هۆکاری ئەم لادانە باوکان ودایکانن کە ئەم پرۆسەیە فەرامۆش دەکەن یان کەم وکورتی دەنوێنن یان خودی ئەم پرۆسەیە بەکەم دەزانن یان زۆر ناز دەدەن بەمنداڵەکەیان.**

**٢–هەبوونی کێشەی نێوان باوکان ودایکان وەهەبوونی شەڕوئاژاوە لەنێوانیاندا کەکاریگەریەکی خراپی دەبێت لەسەر دەروونی منداڵەکە**

ناچار کە هەندێك جار بۆ دەربازبوون لەم کێشەیە ماڵ بەجێ بهێڵێ وهەڵبێت .

٣–تەڵاق دان :باوکان ودایکان هاوکاری یەکترن بۆپەروەردەکرنی منداڵ وەپێگەو بایەخێکی ئێجگار گەورەیان لەم پرۆسەیەدا هەیە, بۆیە بەنەمانی یەکێکیان ئەوا ئەم پەروەدەیە زۆر زەحمەت دەبێت .

٤–هەتیوی :هەتیوی بارێکی زۆر سەخت ترە لە دۆخی تەڵاق دان چونکە لەتەڵاقدان دا ڕەنگە باوکەکە بتوانێ هەندێك جار چاوی بەمنداڵەکەی بکەوێت هاریکاری بکات ,بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەتیوی ڕێگر نیە لەبرەودان بە بوونی پەروەردەیەکی دروست چونکە چەندەها زانای بەناوبانگ هەیە بەدرێژای مێژوو کە هەتیو بوون .

٥–هەژاری :هەندێك جار هەژاری هۆکاری لادانی منداڵانە ,چونکە باوکەکە سەرقاڵی دابین کردنی بژێوی ژیانە یان ڕەنگە منداڵەکە بۆ دابین کردنی حەزەکانی پەنا بباتە بەر دزینی پارەوپول .

٦–هاوڕێ خراپ (دۆستی خراپ):کەئەمەیان بەهێزترین هۆکاری لادانی منداڵە

٧–دەست بەتاڵی :هەندێك جار منداڵ واز لەخوێندن دەهێنیٚ دواجاریش بەبیٚ كارو پیشەو بەرنامە دەمێنێتەوە .

٨–پێشەنگی خراپ :هەبوونی ئەم پێشەنگە یاریدەرە بۆ لادانی منداڵ ئیتر ئەم پێشەنگە باوك بێت یان دایك بێت یان هاورِیٚ بێت ......

٩–دیاردەكانی (تاقی كردنەوە )و(هەڵخەڵەتاندن): ئەم دیاردانە زۆر بەرِوونی دەردەكەون لەزنجیرە فلیمەكان وگۆڤارەكان وتۆرِەئەنتەرنێتەكان یان ..............هتد ، كەئەمانەش بەرِاستی هۆكاری سەرەكین بۆ لادان ..

لەكۆتایی دا

ئەی باوكان ودایكانی خۆشەویست :داواتان لێدەكەین بەدلسۆزیەوە بایەخ بدەن بەپرۆسەی پەروەردەكردنی منداڵەكانتان تێكۆشن بەهەرچی تواناتانەوە هەیە لەم پێناوەدا .